# زیگی مارچ، زیگی بارزانی



نەورۆزی ساڵی ١٩٩٤ لە بارگای مەسعود بارزانی چاومان پێیکەوت، دەتگوت لە ناو ماڵەکەی خۆیەتی، ئەو وەک خاوەن ماڵ و ئێمە وەک میوان دەچووین. پێشتر لە شاری بۆن و لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەی کوردی بینیبووم. ئەو کات ئەو ئەندامی حزبی سەوزەکان بوو، کە تازە چەند کەسیان ببوون بە ئەندام پارلەمانی ئەیالەتی نۆرد راین وێستڤالن لە شاری دۆسلدۆرف.

زیگفرید مارچ لە شاری بوخووم لە دایک ببوو، کە ناوچەیەکی سەنعەتی و کرێکاری ئاڵمانە. ئەو پۆلی دەی لە فێرگەی "هاوپتشولە" تەواو کرد و دواتر دەورەی قوفڵسازی بینی. بەڵام زۆر زوو خۆی تێکەڵ بە سیاسەت کرد و لە هەشتاکان بوو بە ئەندامی حزبی سەوزەکان و لەو ڕێگایەوە لە گەڵ کوردەکان ناسیاوی پەیدا کرد و لە پاش ساڵی ١٩٩١ خۆی لە پارتی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی نزیک کردەوە. لە سەرەتاوە هەوڵی باشی بۆ یارمەتی بەخشین لە ڕێگای ڕێکخرواەکانی خێرخوازی بۆ کوردستان دا و کاری باشیان بەسەرئەنجام گەیاند.

لەو سەردەمەدا کوردەکانی ئاڵمان، بەتایبەت فێرکارانی کورد و ئاڵمان ئەندامی یەکیەتی مامۆستایانی ئاڵمان، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی " فێرگە بۆ کوردستان" بە فەرمی دامەزراند بۆ ئەوەی لە کوردستان فێرگە(مەدرسە) ساز بکرێ.

زیگی مارچ هەم لە ڕێگای حزبەکەی خۆی و وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و هەم تێکەڵی لە گەڵ بنەماڵەی بارزانی بە تایبەت مەسعود بارزانی هاسانکاریی بۆ کردین بۆ ئەوەی بە بێ گرفت لە ڕێگای تورکیاوە سەردانی کوردستان بکەین بە مەبەستی کردنەوەی یەک لەو فێرگانەی کە لە گوندی عەنب لە لایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوە ساز کرابوو، هەروەها بۆ درێژەدان بە پرۆژەی سازکردنی فێرگەی تر لە گوندەکانی تری باشووری کوردستان. مەبەستێکی تری ئەم وەفدە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی " فێرکردن و ڕاهێنان" لە فێرگە و زانستگاکان بوو، بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێن.

زیگی مارچ کە لە ڕێگای سیاست و یارمەتی مرۆڤی گەیشتە کوردستان، لە درێژەدا لە هەولێر ناوەندێکی کولتوری ئاڵمان و کوردی دامەزراند کە نازانرێ، کارەکانیان چی بووە و چی کراوە. لە درێژەدا زیگی مارچ خۆی لە کاری بازرگانیدا دیتەوە و لە گەڵ کورەکەی شیرکەتێکی بازرگانی دامەزراند. زیگی مارچ بە هۆی نەخۆشی لە نێوان ساڵانی ۲۰۱۷ هەتا ۲۰۲۲ لە ئاڵمان لە شاری بۆرکن دەژیا و دوێنێ ۲۰۲۲/۲/۱۵ لە تەمەنی ٦٨ ساڵی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

زیگی مارچ لە سەرەتا لە ئەیالەتی نۆردڕاین وێستڤالن بۆ کورد دەنگ بوو، بەڵام لە ۱۹۹٤ هەتا ۲۰۲۲ لە هیچ مێدیا و شوێنێکی سیاسی ئاڵمان دەنگی بۆ کورد نەبیسترا و مێدیا باشووری کوردستانیش هیچ زانیارییەکیان لە سەر خۆی و دەزگای کولتوری و شیرکەتی بازرگانی ئەو نەداوەتە دەست.

برایم فەڕشی

۲۰۲۲/۲/۱٦





